# چی دەزانی دەربارەی ثالاسیمیا؟

ابراهیم احمد مستەفا*

**پ١/ تالاسیمیا چییە؟**

*وەڵام/ نەخۆشـیەکی زگماکییـە، لـەدایكو باوکـەوە بـۆ منداڵـەکان دەگوازرێتـەوە، لـە منداڵیـەوە هەسـتی پـێ دەکـرێ، تووشـبوو بەردەوام پێویستی بە خوێن وەرگرتن دەبێ.*

**پ٢/ ئایا نەخۆشی تالاسیمیا لـە کوردسـتان هەیە؟**

*وەڵام/ بـەڵێ، بـە داخـەوە ژمارەشـیان لـە زیادبوونە، بەهۆی نەزانینو نـەبوونی زانیـاری هاوڵاتی دەربارەی ئەم نەخۆشیە.*

**پ٣/ چـۆن دەتـوانین منداڵـەکانمان لـەم نەخۆشیە بپارێزین؟**

*وەڵام/ پێویستە دایكو باوك (کـوڕ یان کـچ) پێش پێك هێنانی خێزان خوێنیان بپشکنن (فحص بکەن)و دڵنیا بن لەوەی کەوا هـەڵگری ئەم نەخۆشیە نین.*

**پ٤/ ئەگەر کەسێك هـەڵگری ئـەم نەخۆشـیە بێت دەتوانێ ژن بهێنێ یان شوو بکات؟**

*وەڵام/ بـەڵێ، بـە مـەرجێك هاوسـەرەکەی هـەڵگری تالاسـیمیا نـەبێت، بـە پێـچەوانە منداڵەکانی ئەگەری توشبونیان بە تالاسیمیا هەیە.*

**پ٥/ تووشـبووی تالاسـیمیا چـۆن چارەسـەر دەکرێت؟**

*وەڵام/ هـەر توشـبوێك مانگانـە بـە لایـەنی کەمـەوە پێویسـتە بوتڵێـك خـوێن وەربگـرێ. هـەروەها تووشـبوش دەبـێ بـەردەوام دەرزی (دیـسفرال) وەربگـرێ بـۆ لادانـی ئاسـن لـە لاشەی کە بـەهۆی بـەردەوام خـوێن وەرگـرتن پەیدا دەبێت.*

## دیمانەیەك لەگەڵ دایکی توشبوویەکی تالاسیمیا

**پەیامنێری کۆمەڵەی تالاسیمیا: باوکی هەنسێك**

**توانا: چۆنی خوشکی من؟**

دایکی نور: خۆشبیت.

**توانا: ئەو منداڵە چیی تۆیە؟**

دایکی نور: کچمەو توشبوی ثـالاسـیمیایە. وە دوا منالێشمان دەبێت.

**توانا: بۆچی دوا مندالێ دەبێت؟**

دایکی نور: ئاشکرایە بـۆ ئێـوە وەك کۆمەڵـە، دکتۆر ئاگاداری منو باوکی نـوری کردۆتـەوە کـەوا منداڵـەکانمان ئەگـەری توشـبونیان بـەم نەخۆشـیە هەیـە چـونکە هـەلگری نەخۆشـی ثالاسیمیاین.

**پەیامنێر: واتە نابێ چیتر منالێتان ببێ.**

دایکی نور: بەڵێ.

**پەیامنێر: باشە ئەو دایكو باوکەی حـەزیان لە منالە دەبێ چی بکەن؟**

دایکـی نـور: ئێـستا زانـست پێـشکەوتووە دەتوانن منالێیان ببێت لە تەمـەنی دوو مـانگی لـەناو رەحمـی دایـك دەتـوانرێ پـشکنینی سەلامەتی لە نەخۆشی بۆ ئـەنجام بـدرێت بە داخـەوە ئـەم پـشکنینە لـە کوردسـتان نیـە هیـوادارین لـە حکومـەتی هـەرێم ئـەم جۆرە ئامێرو پسپۆریە بگوازێتەوە بۆ وڵاتەکەمان.

**پەیامنێر: چ ئامۆژگاریەکت بۆ دایك باوکـان هەیە.**

دایکـی نـور: ئامۆژگـاریم بـۆ دایـكو بـاوك هەروەها کوڕ کچان ئەوەیە پێش مـارەبرین، بـاش وایـە بۆ خۆیـان پـشکنینی تایبـەت بـە تالاسیمیا ئەنجام بدەن بۆ ئەوەی ئـەم بەڵایـە لە نەوەکانیان دوور بخەنەوە.

**پەیامنێر: منالەکەت چۆن چارەسەر دەکەیت؟**

دایکی نور: مانگانە لەکاتی خۆی بێ دواکەوتن خـوێنی پـێ دەدەیـن هـەروەها شـەوانەش دەرزی دیسفرالی پـێ دەدەیـن، بـە پێـچەوانە توشـبوو ئاکـاری (شـکلی) تێـك دەچـێتو کاریگەری خراپی لـە سـەر ئەندامـەکانی تـری لەشی نەخۆش دەبێ.

**پـەیامنێر: داواکاریـت چـیە لـە حکومـەتی هەرێم؟**

دایکی نور: گەڕاندنەوەی بەشە ئازووقەی ئـەو نەخۆشانە کە زیاتر لە دوو ساڵە بڕاوە نازانین بۆچـی بـڕاوە؟ تـەنها دەڵـێن لـە بەرنامـەی حکومەت نەماوە.

### کورتە نامەی توشبوێکی تالاسیمیا بۆ خـوێن بەخشێك لەلایەن دایکی نەخۆشێك

بـرای خـوێن بـەخش تـۆ ژیـان بەخشی... دلۆپە خوێنە گەشـەکانی تـۆ منـی لـە مـردن ڕزگـار کـردووە، خۆشـیو شـادی خستۆتە ناو ئەندامانی خێزانەکەم، ئەی خوێن خـوێن بەخـشەکە بـاش بزانـە ئـەو کاتانـەی سوجدەو سوپاس گوزاری یەزدان دەکەم، ئەو کاتانەیە کە تۆ پێت بەخشیووم.

هـۆ خـوێن بەخـشە ئازیزەکـەم هەلۆێـستو مەردایەتی تۆ بە مەرگو خوێن نەبێ پاداشت ناکرێت، هیوادارم میدیاکان ڕۆلی ئێـوە بخەنـە بەرچاو گوێچکەی بینەرانو بەرپرسان، وە بە نـاوی توشـبوانی تالاسـیمیاش داوا لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان دەکـەم هەلۆێستو چەڵەنگی ئێوە لە بیر نەکەن.

### نامەیەك بۆ وەزارەتی تەندروسـتیو لایەنـە پەیوەندیدارەکان لەلایەن باوکی نەخۆشێك

ئاشـکرایە خـوێن بەخـشین بـە توشبوانی هەر نەخۆشیەك کارێکی پیرۆزە، لە نەخۆشخانەی ثـالاسـیمیا ڕۆژانـە ٢٠ نـەخۆش خـوێن وەردەگـرن واتـە مانگانـە ئـەم نەخۆشخانەیە پێویستی بـە ٦٠٠ بوتـل خـوێن هەیە، وە ئەم خوێنـەش لـە ڕێگـەی هەڵمـەتی خـوێن بەخـشینو بانگـەوازی میـدیاکانو ئـەو برە خوێنە زیادەی هاوڵاتیان کە لە بانقەکانی نەخۆشخانەکانی شارەکەمان بۆ نەخۆشـەکان دەکات. هەندێ جار بە تایبەتی لە ڕۆژانی بەر لە جەژنو ئاهەنگەکان خوێن لـە نەخۆشـخانە کـەم دەبێـت غـەمو پەژارەیـەك بـۆ نـەخۆشو کـەسو کاریـان پەیـدا دەبێـت، لێـرە داوا لـە وەزارەتـی تەندروسـتیو لایەنـە پەیوەنـدی دارەکان دەکـەین گرنگـی بـدەن بـەم لایەنـەو پلانـی خۆیـان ئاشـکرا بکـەن ئـەو خـوێن بەخـشانەش لـەبیر نەکـەن هـەر نـەبێ بـە بەشەخۆراکێك (وەك جاری جاران).

### با نەوەکانمان لە تالاسیمیا بپارێزین

سالم عزیز کاکۆ/ مامۆستای یاریدەدەر
salm_zz@yahoo.com

بڵاوبوونـەوەی نەخۆشـیە بـۆ ماوەییـەکان، کـە دەسـت پـێ دەکـات بـە ژن هێنان لە خزم یان لە هەڵگرانی نەخۆشیەکان وە کۆتـایی دێـت بـە دروسـت بـوونی قوربانییـەکان، کـە بـریتین لـەو منالانـەی کە زەردەخەنـە لەسـەر لێوەکانیـان نابینرێـت بـەهۆی توشـبونیان بـە نەخۆشـیەك کـە چارەسەری نییەو هاوشانیان دەبێ لـە ڕۆژی لـەدایك بوونیـان تـا دوا ڕۆژی تەمـەنیان.. بـۆ ئـەوەی ئـەو نەخۆشـیانە لـە خۆمـانو

نـەوەکانمان دوور بخەینـەوە، ئەنجامـدانی پشکنینی پزیشکی پێش مارەبڕین زۆر گرنگە بە پێچەوانە خۆتو منالەکەت لە کامەرانی بێ بەش دەکەی بە درێژایی ژیان.

تالاسیمیا نەخۆشیەکی بۆ ماوەییە، ناڕێزبەندی خوێن دەگەینێ، دەبێتە هۆی کەم بـوونی هیمۆگلـۆبین لـە خـوێن کـە فـەرمانی سەرەکی بریتییە لە گواستنەوەی ئۆکسجین بـۆ ئەندامـەکانی لـەش. دوو جـۆری هەیـە یەکەمیان جۆری ئەلفا، دووەمیان جۆری بێتا، وە هەر جۆرێك لەو دوو جۆرە بۆ جـۆری تر دابەش دەکرێت (ئەم زانیاریانە بۆ پسپۆران زیاتر گرنگە).

پـشت بەسـتن بـە خـوێن وەرگـرتن دەتوانین نەخۆشی تالاسیمیا بکەین بـە دوو جۆر:

جـۆری یەکـەم تالاسـیمیای گـەورە (مـیـژۆر): ئـەو کەسـانە دەگرێتـەوە کـە بـە بەردەوامی خوێن وەردەگرن، ئەو تووشبووانە پێویستە پارێزگاری تەندروستیان بکـەن بـە خوێن وەرگرتن بە پێـی خشتەیەکی رێك کە پزیـشك دیـاری دەکـاتو بـەردەوام دەرزی (دیسفرال) بـەکاربهێنێ بـۆ دەرکردنـی ئـەو ئاسـنانەی کـە لـە لـەش کـۆ دەبێتـەوە لـە ئـەنجامی بـەردەوام بـوون لەسـەر خـوێن٣ وەرگرتن، بە پێچەوانە ئاسن لە ئەندامـەکانی لـەش لەوانـە (دڵ، سـپڵو گورچـیلە) کـۆ دەبێتەوەو دەبێتە هۆی لەناوچوونیان.

جـۆری دووەم تالاسـیمیای بـچووك (مینـۆر): ئـەو کەسـانە مرۆڤـی دروسـتن پێویستیان بە خوێن وەرگرتنی بەردەوام نیە، هـیچ مەترسـییەك لەسـەر ژیانـیان نییـە، وە هەسـت بـە نەخۆشـیەکانیان ناکـەن ئەگـەر پشکنین ئەنجام نـەدەن، بـەڵام دەبـێ ئەوانە بزانن ئەگـەر لەگـەڵ کەسـێکی تـری هـەڵگری تالاسـیمیا خـێـزان پێـك بهێـنن، ئەگـەری تووشـبـوونی نـەوەکانیان بـە نەخۆشـی تالاسیمیا هەیە.

تالاسـیمیا لـە زۆربـەی ناوچـەکانی جیهان هەیە بەتایبەتی لە باشوری ڕۆژهـەڵاتی ئاسیاو ناوچەکانی دەریای سپی ناوەڕاست. ساڵانە ٣٠٠,٠٠٠ منداڵ تووشی ئـەم نەخۆشیە دەبن بەداخەوە کوردستانیش لەو ژمارەیە بێ بـەش نییـە، سـاڵانە ئـەوەی تۆمـارکراوە ٢٥٠ منداڵنو ئامارەکانیش ڕوو لە زیادبوونە...

کەواتە دەبێ بزانین منداڵان تووشی تالاسـیمیا دەبـن ئەگـەر دایـكو بـاوك هـەردووکیان هـەڵگر یـان تووشـبووی ئـەم نەخۆشییە بن.

وە ئەگـــــەری تووشـــــبوونی منداڵەکانیان بەم جۆرەیە:

٥٠٪ منداڵـەکانیان هـەڵگری ئـەم نەخۆشییە دەبن بە (جۆری مینۆر).

٢٥٪ منداڵــــەکانیان تووشـــی تالاسـیمیا دەبـن بـە جـۆری (میـژۆر) کـە پێویست دەکات مانگانە خوێن وەربگرن.

٢٥٪ منداڵـەکانیان دروسـت (سـاغ) دەبن.

ئەگـەر دایـكو بـاوك هـەڵگری تالاسیمیا بن (٥٠٪) منداڵەکانیان هەڵگر، ٢٥٪ منداڵـــەکانیان جـــۆری میـــژۆر یـــان ٢٥٪ منداڵەکانیان دروست دەبن.

ئەگەر تووشبوێك بـە جـۆری میـژۆر لەگـەڵ کەسـێکی جـۆری مینـۆر خـێـزان پێك بهێنن، ئەوا ئەگـەری تووشـبوون زیاتر دەبـێ وە بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:

٥٠٪ منداڵـەکانیان هـەڵگری ئـەم نەخۆشییە (جـۆری مینـۆر) دەبـن، واتـە ئـەو منداڵانـەش لەوانەیـە نەخۆشـییەکە بـۆ نەوەکانیان بگوازنەوە.

٥٠٪ منداڵەکانیان تووشی تالاسیمیا دەبن بە جۆری (میژۆر) کـە پێویسـت دەکـات مانگانە خوێن وەربگرن.

ئەگـەری تووشـبوون بـە تالاسـیمیا ڕوون دەکاتەوە کاتێك:

ئەگەر دایكو باوك هەڵگرو توشبووی تالاسـیمیا گـەورە بـن (٥٠٪ منداڵـەکانیان هـەڵگرو ٥٠٪ منداڵـەکانیان جـۆری میـژۆر) دەبن.

بەڵام ئەگـەر تووشبوێك بـە جـۆری مینۆر لەگەڵ کەسـێکی دروسـت خـێزان پێـك بهێـنن، ئـەوا ئەگـەری تووشـبوون بـە تالاسـیمیای گـەورە، لـە نـەوەکانیان بـەدی ناکرێ

ئەگـەری توشـبوون بـە تالاسـیمیای گەورە بەدی ناکرێ لە کاتێك:

دایـكو بـاوك یـەکیان هـەڵگری تالاسیمیا ئەویتریان دروست بێ

جا لێرە گرنگی پـشکنین بـەدیار دەکەوێ، بە واتایەکی تر ئەگەر یەکێك لە دایك یان باوك ئـەنجام بـدەن ئـەوا دەتـوانن نەخۆشییەکە لە نەوەکانیان بە دوور بخەنەوە ئـەوەی شـایەنی باسـە پێویسـتە حکومـەتی هـەرێمی کوردسـتان چـاو لـە هـەندێ وڵاتی ناوچەکە بکات لەوانە وڵاتی ئیمارات، مامەڵەی ژن هێنان پێویسـتە لـە دادگـا تۆمـار نـەکرێت ئەگەر پـشکنینی پزیـشکی ئـەنجام نـەدرابێت وە لە میدیاو تەلەفزیۆنەکان ڕێکلامـی تایـبـەت بەم نەخۆشییە بڵاو بکرێتەوە بۆ ئەوەی خەڵك شارەزا بن بەم نەخۆشیە بەتایبـەتی ئەوانـەی لـە گونـدەکان دەژیـن کـە ژن هێنـان تیایانـدا زیـاتر لـە خـزمو پـشکنینی پزیـشکی کـەمتر ئـەنجام دەدەن لـە کۆتاییـدا، خۆشـبەختانە چارەسەرکردنی ئـەم نەخۆشـیە لـە دەرەوەی وڵات هەیە، ئەویش بـە چاندنی (زرع) مـۆخی ئێـسك کـە فـەرمانی دروسـت کردنـی هیمۆگلۆبینـەوە (٥) نـەخۆش لـە کوردسـتان ڕەوانە کراون بۆ ئیتاڵیا بۆ چارەسەرکردن... هیواداریـن لـە حکومـەتی هـەرێمی کوردستان دەسـت پێـشخەری بکـات لـە دروست کردنی سـەنتەرێك بـــۆ چارەســـەرکردنی ئـــەو نەخۆشیانەی کە پێویست بە چاندن دەکات.

کۆمەڵـەو ڕێکخـراوی کـوردی لـە پێنـاوی دۆزی کـورد. **نووسینی سالم عـەزیز کاکۆ/ پەیمانگای تەکنیکی هەولێر**

ئاشکرایە لە دوای ڕاپەڕینی بـەهاری سـاڵی ١٩٩١ بـەهۆی بـوونی کـەشو هـەوای ئـازادی لـە هەرێمـەکان چـەندەها کۆمەڵـەو ڕێکخـراوی حکـومیو غـەیرە حکـومی جـۆراو جـۆر لـە هـەموو بوارەکـان دامـەزران بـە مەبەسـتی بـەڕێوەبردنو کارئاسـان کـردن بـۆ دەزگاکانی حکومەت بۆ ئـەوەی مـاوە بدرێتـە حکومەت ڕوو بکاتە کارە ستراتیژیەکان لەوانە ووزە، ئاسایـــشی قـــەومیو سیاســـەتی دەرەوە...هتد.

نکۆڵیش لەوەناکرێت کەوا حکومەت تـا ڕادەیـەکی بـاش پـشتگیری ئـەو کۆمەڵـەو ڕێکخراوانەی کردوە، بـەڵام بـە داخـەوە جـارو بار لەمیدیاکان کەسـان هـەن بانگێشتی کـەم کردنـەوەو داخـستنی هەنـدێ لـەو کۆمەڵانـە دەکـەن، لێـرە دەمـەوێ بڵێم ڕێگـە گـرتن لـە گەشـەکردن یـان داخـستنی ئـەو کۆمەڵانـەو پشتگیری نەکردنیان نەك تـەنها زەوت کردنـی ئازادیـە زەرەریـش بـە حکومـەت دەگەیـەنن، ئەگەر سەیری هەندێ وڵاتان بکەین کۆمەڵـەی وا هەیە لەوانەیە لای هەندێکمان سەیر بێت لە وڵاتـی میـسری عـەرەبی کۆمەڵەیـەك هەیـە بـە نـاوی (کفایـە بـوس) ئـیتر بەسـە مـاچ بـۆ پاراستنی منداڵان لە نەخۆشینانەی لە ڕێگـەی ماچەوە بڵاودەبنەوە. لە کۆتاییدا دەڵێم ئـیتر کاتی ئەوە هـاتووە زیـاتر یارمـەتیو کۆمـەکی کۆمەڵە چالاکەکان بکـەین هانیان بـدەین تـا لەسەر ووزەو توانای خۆیان بوەسـتن وە چـاو لە گەلانی جیهان بکەینو سنوری وڵاتـەکانمان ببـــەزێنین کۆمەڵـــەو ڕێکخـــراوی کـــوردی دابمەزرێنین نـەك تـەنها خزمـەتی گەلەکـەمان بکـات بـەڵکو دەسـتی یارمـەتی یارمـەتی بـۆ گـەلانی دراوسـێو هـاوڕێش درێـژ بکـەین بـە مەبەسـتی ناسـاندنو خزمـەت کردنـی دۆزەکەمان دۆزی کورد.

* سـەرۆکی کۆمەڵـەی پالاسـیمیاو هیمۆفیلیـای کوردستان